جیاوازی نێوان هەڵبژاردنەکانی دانمارکو کوردستان

جیاوازی بەرپرسێکی ئەڵمانی لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان

سەرۆک وەزیرانی دانمارک (**ئەنەس فۆو راسموسن**)، لەڕۆژی چوارشەممەریکەوتی (24.10.2007)دا، بڕیاریدا هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی دانمارک کەبە(فۆلکەتینگت) ناسراوە، لەڕۆژی سێشەممە(13.11.2007)دا، ئەنجام بدرێت، سەرەڕای ئەوەی کەهێشتا دوو ساڵ لەتەمەنی پەرلەمان مابوو، ئەویش لەبەر هەبوونی چەندین کێشەلەنێوان پارتەبەشدارەکانی نێو پەرلەمان، کەمانەوەو بەردەوام بوونی بەمشێوەیەلەداهاتوودا تارادەیەک مەترسی ئیفلیج بوونی ئیشوکارەکانی پەرلەمانو حکومەتی دانمارکی بەسەرۆکایەتی (ئەنەس فۆو راسموسن)ی لێدەکرا.

ماوەی بڕیاردانی هەڵبژاردنی نوێو رۆژی هەڵبژاردنەکەتەنیا (21) رۆژ بوو، بێگومان ئەمەش ماوەیەکی زۆر کەمەبۆ خۆئامادەکردنو دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنو ئەنجامدانی پرۆسێسەکە، بەڵام پارتەدانمارکییەکانو کۆمەڵگای دانمارکی لێڕاهاتوونو، هەردەم ئامادەن بۆ بڕیارێکی لەناکاوی سەرۆک وەزیران سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێو پێشوەخت! ئەوەبوو هەر لەدوای بڕیارەکە، هەڵمەتی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەرانسەری ولاتدا دەستپێکرد، کەزۆرترینیان لەڕێگای کۆڕ، کۆبوونەوە، ڕادیۆ، ڕۆژنامەو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی گفتوگۆی سەرکردەکانی پارتەکان بوو بەهۆی تەلەفزیۆنەوە، کەگفتوگۆ تەلەفزیۆنییەکەی ڕۆژی یەکشەممە(11.11.2007) لەهەموویان کاریگەرتر بوو. لەو ئێوارەیەدا سەرکردەی تەواوی پارتەکانی کاندید بۆ پەرلەمان (سەرکردەی نۆ پارت) تێیدا ئامادەبوونو، بابەتەکانیش بریتی بوون لەکەمکردنەوەیان پاراستنی ڕێژەی باج، کەمکردنەوەی بێکاریو دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران، چارەسەری کێشەی نیشتەجێکردن، بەرزکردنەوەی مووچە، ڕەخساندنی هەلی خوێندنو بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ خوێندکاران، خۆشگوزەرانی بۆ خانەنشینەکانو پیرو پەککەوتەکان، دابینکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزارەنی بۆ هەموو هاوواڵتیان، بەرەودان بەخزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، باخچەی ساوایانو باخچەی منداڵان، چارەنووسی پەناهەندەئێراقییەکانی کامپەکان، زرنگکاری (سیاسەتی) ئەورووپاو زرنگکاری دەرەوەی دانمارک، یارمەتی دارایی بۆ وڵاتانی کەم دەرامەت، مانەوەو نەمانەوەی هێزەکانی سوپای دانمارک لەئێراقو ئەفغانستان.

لەم ئێوارەیەدا زۆرتر لەدوو ملیۆنو نیو دانمارکی سەیری ئەو گفتوگۆ گەرمەیاندەکرد کەکەنالی (DR1)ی دانمارکی ڕاستەوخۆ دەیگواستەوە. تا ئەوکاتەش نزیکەی (10-12%)ی هاوواڵتیانی دانمارکی بڕیاری تەواویان نەدابوو دەنگ بەکام لایەن بدەن، چونکەلێردەدەنگ بەو پارتانەدەدرێت کەتاکەکانی ناو کۆمەڵ پێیان وایەزۆرتر لەخزمەتی وڵاتو هاونیشتمانیان دان، هەرچەندەیەک هەفتەبەر لەهەڵبژاردن نزیکەی (22%)ی دانیشتوانی دانمارک بەگومان بوون کەدەنگ بەکێ بدەن!. کەچی لەکوردستانی ئێمەدا زۆربەی هاووڵاتیانی کورد بەر لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەنگەکانیان دیارەکەبەکێی دەدەن، هەتا ئەگەر پارتەکەیان سەدانجار لەشکری داگیرکەر بێتێتەسەر کوردستانو، ناپاکی پارتەکەیاننابێتەهۆی گۆڕینی هەڵوێستی ئەوان لەوەی دەنگ بەلایەنێکی تر بدەن، واتەلەکوردستاندا تارادەیەکی زۆر دەنگەکان پۆلێنو تاپۆ کراون!

گفتوگۆکان زۆر بەڕێکیو شارەزایانەبەڕێوەچوون، کەسیان بەوەڵامی توند یاخود قسەی ناشرین هەستی بەرامبەرەکەی بریندار نەدەکرد، هەرچەندەرەخنەی تووندی لێبگیرایەیاخود قسەشی پێبگوترایە، بۆ نموونەسەرۆکی (پارتی لیستی یەکگرتوو) خاتوو (لینەبارفود) دووجار بە(ئەنەس راسموسی) سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی (پارتی چەپڕەو) کەلەڕاستیدا پارتێکی ڕاستڕەوە، گوت؛ (تۆ سەرۆک وەزیرانێکی درۆزن بوویتو بەڵێنەکانی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی پێشووت نەبردەسەر)، بەڵام ئەو داکۆکی لەخۆی کرد بێ ئەوەی قسەی ناشرینی پێ بڵێتیاخود بڵێت نا خۆت درۆزنی! نەشەڕەپەڕۆ، نەشەڕەشەق و نەشەڕەتفەنگیش ڕوویان نەدا. پارتەکانو سەرۆکی پارتەکان لەڕێگای ئەو کارانەی کەپێشکەش بەخەڵکەکەی دەکەنو بەهۆی بەرنامە خزمەت گوزارییەکانیانەوە هاووڵاتیان بۆخۆیان ڕادەکێشن، نەک وەکو هی کوردستان لەڕێگای بەخشینەوەی دەفتەرەدۆلار، خانوو، زەوی، ئۆتۆمۆبێل، کۆمپیوتەر، تەلەفۆنی مۆبایل یان گفتێدانی خانەنشینکردنو دامەزراندنیان دوای سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان! یان لەڕێگای هەڕەشەو سوێنددان بەتەڵاقو قورئان بۆ دابینکردنی دەنگەکان!

دوای ئەوەی هەر کاندیدێکیش دەبێتەئەندامی پەرلەمان، تەنیا مووچەی مانگانەی خۆی وەردەگرێتو دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانیش خانەنشین ناکرێت، بەڵکو هەوڵدەدات کارێکی تر بۆخۆی بدۆزێتەوە، نەک وەکو پەرلەمانتارانی کوردستان سەرەتا خانوو، ئۆتۆمۆبێل، پارەی بەنزین، تەلەفۆنی مۆبایلو چەندین پاسەوان بۆخۆیان بنووسنو پارەکانیان وەرگرن، دوای چوار ساڵەکەش بەپارەیەکی باش خانەنشین بکرێن. ئەوەی شایەنی باسیشەلەکۆی (179) ئەندام پەرلەمان، کە(175) ئەندامیان دانمارکینو، (گرۆنلاند)و (فیێەئویەنە)ش هەریەکە(2) نوێنەریان لەپەرلەمانی دانمارکیدا هەیە، هەر یەکەشیان پەرلەمانی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، ئەوەی گرۆنلاند (لاندس غوذت)و ئەوەی فیێەئویەنە(لاوتینگت)ی پێدەڵێن. گرۆنلاد لەساڵی (1953)وەهەروەها فیێەئویەنەلەساڵی (1948)دا بووینەبەبەشێک لەدانمارکو یەکێتییەکی فیدراڵی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. هیچ کامێک لەگرۆنلاندو فیێەئویەنەئەندام نین لە(هاوپەیمانی ناتۆ)و (وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا) کەدانمارک لەساڵی (1949)وەوئەندامی یەکەمیانو لەساڵی (1972)شەوەئەندامی دووەمیانە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لەم ئەزموونەی دانمارک وەرگرێتو، خۆی نەبێتەناو (کۆمکاری وڵاتانی عارەبی) کەهیچ پەیوەندییەکی بەکوردو کوردستانەوەنییە، چونکەتەنیا بۆ وڵاتانی عارەبی دروستکراوە، دەکرێت تەنیا ناوەڕاستو باشووری ئێراق کەهی عارەبن ببن بەئەندامی (کۆمکاری وڵاتانی عارەبی)و، هەرێمی کوردستانیش کەهیچ کوردنو هیچ پەیوەندییەکی بەعارەبو ئێراقەوەنییە،نەچەنەنێوی، عارەبی ئێراقیش بۆیان نییەلەجیاتی کورد بڕیار بدەنو بەزۆر (هەرێمی کوردستان)یش ڕاکێشن.

لەکۆی (179) ئەندام پەرلەمانی دانمارک کە(95)یان سەر بەبەرەی ڕاستڕەوو (84)یان سەر بەبەرەی چەپڕەون، (68) ئەندامیان ژنن، واتەبەڕێژەی نزیکەی (38%)یان ژنن کەبەمشێوەیەدابەش بووینە: سۆسیال دیموکراتەکان (15) ژن لەکۆی (45) ئەندام واتە(33%)یان ژنن، ڤێنسترا (15) ژن لەکۆی (46) ئەندام واتە (32،6%)یان ژنن، پارتی سۆسیالیستی گەل (11) ژن لەکۆی (23) ئەندام واتە (47،8%)یانژنن، پارتی گەلی دانمارک (9) ژن لەکۆی (25) ئەندام واتە(36%)یان ژنن، کۆنسەرڤاتیڤ (پاریزگاران) (8) ژن لەکۆی (18) ئەندام واتە (44،4%)یان ژنن، رادیکاڵەچەپەکان (4) ژن لەکۆی (9) ئەندام واتە (44،4%)یان ژنن، هاوپەیمانی نوێ (2) ژن لەکۆی (5) ئەندام واتە(40%)یان ژنن، لیستی یەکگرتوو (2) ژن لەکۆی (4) ئەندام واتە(50%)یان ژنن، هەروەها (2) ژن لەکۆی (4) ئەندامەکەی گرۆنلاندو فیێەئویەنە، واتەهەشت (50%)یان ژنن، هەروەها لەم چوار ئەندامەی ئەوان (3)یان سەر بەبەرەی چەپو یەکێکیان سەر بەبەرەی ڕاستڕەون. بەشداری پێکردنی ژن لەپەرلەمانی دانمارک بەم ڕێژەیەکەهێشتا زۆریش نییە، کەچی لەسەر بنچینەی خزم، خێڵ، دڵسۆزیو گوێڕایەڵی بۆ پارتو سەرکردەو بەرپرسیاخود تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی هۆڵی پەرلەمان نییەبەس بۆئەوەی بڵێن پەرلەمانەکەیان ژنی تێدایە! بەڵکو لەسەر بنچینەی تواناکانو لەپێناوی بەرەو پێشەوەبردنی وڵاتەلەلایەن تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی ڕەگەز، ئایینو نەتەوە.

نموونەی دووەم بەرپرسێکی ئەڵمانییەکەدەمەوێت بەراوردی بکەم لەگەڵ بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان، ئەویش دەست لەکارکێشانەوەی (**فرانس مۆنتفیرینگ**)ی وەزیری کاری ئەڵمانیو جێگری ڕاوێژکاری ئەڵمانی بوو. هەر هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دانمارک، وتەبێژی فەرمی وەزارەتی کاری ئەڵمانی لەڕۆژی (13.11.2007)دا دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری کار (فرانس مۆنتفیرینگ)ی جێگری (ئەنگیلا میرکلی) ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (1)، لەهەردوو پۆستەکەڕاگەیاند بەهۆی نەخۆشی هاوسەرەکەیەوە (ئەنتکبیرا)، کەبەنەخۆشی شێرپەنجەوەدەناڵێنێو باری تەندروستی خراپە،هەرئەوەش بووەهۆی ئەوەی کە(ئەنتکبیرا)ی هاوسەری (فرانس مۆنتفیرینگ)ی وەزیری کارو جێگری ڕاوێژکاری ئەڵمانی نەتوانێ درێژەبەکارەکانی خۆی بداتەوەکو ئەندامێکی کارای (هاوپەیمانی فەرمانڕەوایەتی)و، بەشداری کۆبونەوەیەکی گرنگی هاوپەیمانێتی فەرمانڕەوایەتی بکات لەسەرەتای مانگی نۆڤێمبەری ڕابردوو.

بەرپرسێک یان وەزیرێکی کوردستانی، ئەگەر بێتوو نەک تەنیا هاوسەرەکەی بەڵکو خۆی، خێڵەکەی یان هەموو کورد تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی وەکو (ئەنتکبیرا)ی هاوسەری (فرانس مۆنتفیرینگ) ببن، ئەوەنەک هەر ئامادەنییەدەست لەکارەکەی بکێشێتەوە، بەڵکو یەکسەر بیر لەژن هێنانەوەدەکات و هێشتا ژنەنەخۆشەکەی زیندووەژنێکی تر دەهێنێتو ئەوەندەی تر دەبێتەهۆی قورس کردنی نەخۆشییەکەیو بەخەفەتەوەدەیکوژێت، ئەوەئەگەر کاکی بەرپرس پێشتر دوو ژنی نەبووبێت! ئاخر ئەگەر ئەو ئامادەنەبێت لەپێناوی نەتەوەو نیشتماندا دەست هەڵگرێ، چۆن لەپێناوی ژنەکەیدا دەست هەڵدەگرێت؟ جیاوازی نێوان (فرانس مۆنتفیرینگ)و بەرپرسانی کورد ئەوەیەکەئەو ئامادەیەلەپێناوی هاوسەر، نەتەوەو نیشتمان ئامادەنین پۆستەکەیان جێبێڵن، ئەگەر ناچاریش نەکرێن تا ئەو ڕۆژەی دەمرن دەست بەردارى پۆستەکانیان نابن! زۆرجار شکستی هەندێک لەوەزیرەکانو گەندەڵی وەزارەتەکانیان هی ئەوەیە وەزیرەکانیان وازبێنن، بەڵام ئەوەی بەبیریاندا نەیەت وازهێنانە!

---

(1) ئەنگیلا میرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا کەدەکاتەسەرۆک وەزیران، لەهەمان کاتیشدا سەرۆکی (پارتی کریستانی دیموکراتی) دەسەڵاتدارە.



دەرسیم دیبەگەیی

Darsim2006@hotmail.com

کاریگەری پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەسەر ڕەوشی ناوچەکە

گرنگ لەو پەیوەندی یە دەچنەوە و قازانجی باش دەکەن بەتایبەتی ئەوکاتەی هێشتا تورکیا نەبوو بوو بەئەندامی پەیمانی ناتۆ حەزی لێ دەکرد.هەروەها تورکەکان وایان دانابوو ئەم پەیوەندی یە نوێ یەیان، زیاتر نزیکیان دەکاتەوە لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا.دیسانەوە وەکو پاڵەوانی ناوچەکە خۆی نیشان دەدات.لە ڕاستیشدا بۆچوونو پێشبینی یەکانی تورکیا ڕاست دەرچوون کە بوو بە دۆستی ئەمەریکا و نەیارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتە،بەڵام نیووەکەی دیکەیان تەواو هەڵەبوو،تووشی تەنگەژەیەکی سیاسی و ئابووری هات لە لایەن دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامی یەکانەوە بەشێوەیەک کەلە ئاستی دبلۆماسیدا ئەوەندە پێشوازی لێ ناکرا و ڕوویان پێ نەدا،تەنانەت وایان لێ کردکە بەڕاستی خۆی ساغ بکاتەوە لە نێوان پەیوەندی ئیسلامی و یەهودیەکاندا،ئەوە جگە لە ئابلۆقەی ئابووری بۆسەر بازاری هەنارد و هاوردەنی تورکی،هەروەها ترسی ئەوەشی لێ نیشت کە عێراق وەکو دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامی چیتر نەوت لە تورکیاوە هەناردە نەکاو گرنگی بدات بە ڕێگای سوریا و لوبنان.بۆیە هەر زوو کەوتە خۆی و بەخۆیدا چووەوە بااڵویزی وڵاتەکەی لە ئیسرائیل کشاندەوە و دواتر چەند کارمەندێکی سادە و پلەنزمی لەوێ دانا تەنها بۆماوەی دەزوولەیەکی کەم لە نێوان ئەم و ئەودا ...ئەم هەڵوێستەی تورکیا مایەی دڵخۆشی بوو بۆ عەرەبەکان و بۆیە دیسانەوە بەگوڕوتینێکی دیکەوە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا گرێ دایەوە بە تایبەتیش عێراق دوای ساڵی 1970 زۆر بەگەرمی کۆمەڵێ ڕێک کەوتنامەی سیاسی و ئابووری لەگەڵیدا مۆر کرد،هەروەها لەڕووی ئەمنیشەوە ڕێک کەوتنی نهێنیان واژۆکرد بۆ کزکردن و لەناودانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستان.سەبارەت بە ئەمەریکا و ئیسرائیل لەمەڕ ئەو مەسەلانەی جۆرێک لە نیگەرانیان لەلا دروست ببوو.بەڵام ئەوەندەش مەسەلەکەیان نە دەوروژاند هەتا تورکیاش لە خۆبایی بێ و داواکاری زیاتریان لێ بکات،یاخود پەیوەندیەکانیان بگاتە بە ئاستێ کە بەجارێ ئەو وڵاتەیان لە کیس بچێ ببێ بە دژە سەنگەرێک بۆیان و لەلایەن ئەکێتی سۆڤیەت،یان عەرەب و ئیسلامەوە بەکاربهێندرێ بە تایبەتیش کە تورکیا ئابووری ناوخۆی ئەوەندە بەهێز نی یەو پشتی بەوڵاتە دواوسێکانی قایمە لە ڕووی مامەڵە بازرگانییەکانەوە.ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە ڕاگیرا و ئیدارە درا،.بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا و هەرەشەکردن لە ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە جیهانی ئیسلامیدا ڕۆژئاوایەکان بەگشتی و ئەمەریکا و ئیسرائیل بەتایبەتی کەوتنە هەوڵی بەهێزکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا.ئەمەریکا سەرجەم بنکە وبارەگا سەربازیەکانی خۆی لەو وڵاتە بووژاندەوە و گرنگی پێ دا، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا بە شێوەیەکی وا ئاشتیان کردەوە کە تورکیا چاک کردن و ساغڵەم کردنی فرۆکەکانی دەنارد بۆ ئیسرائیل .لەشەری هەشت ساڵەی عێراق و ئێراندا کارێکی وای کرد کە لایەنی کەم پشتگیری ئێران نەکا و بگرە لە زۆرشوێن و هەڵوێستدا بەلای عێراقدا دای شکاندەوە...لەدوای تەواو بوونی جەنگیش ئەو پەیوەندیانە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو گەشەی بەخۆوە بینی پێشکەوت،بەشێوەیەک کە لەدەیەی کۆتای سەدەی ڕابردوودا چەندەها مناوەڕەی سەربازی هاوبەش لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل دروست بوو.ئێستاش ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بە ڕەوشێکی زۆر ناهەموار و تەم و مژاویدا تێ دەپەڕێ دەیان کێشەی کۆنی چارەسەر نەکراو سەریان هەڵداوە،چەندەها بیروبۆچون و چەندین دەسەاڵتی نوێ لە ناوچەکەدا دروست بوون.لەناو ئەو هەموو ئاڕیشانەدا کورد وەکو نەتەوەیەکی دێرینی ناوچەکە و وەکو بەش خوراوترین گەلی ئەم سنورە مەسەلەکەی هاتۆتە پێش و بووە بە حەتمیەتێکی سیاسی و دەبێ چارەسەرێکی عادیلانە بکرێ،بەڵام ئەمرۆ تورکیا کە لەلایەکەوە خۆی بە میراتگری خەلافەتی عوسمانی دەزانێ و لەلایەکی دیکە خۆی داناوە بە پێشەوەی عەلمانیەت و چاوەڕوانی دەزگا سیخوریەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیلە بۆ ئەو هاوکاری یەی کردوینە لە سەرکوت کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و گرتنی ئاپۆ و دانانی پارتی کرێکاران لە ڕیزی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان ،نەخۆی پێ ی خۆشە مافی کورد بدا و ئەو کێشەیە کۆتای پێ بێنێ نە دەشتوانێ لەقسەی ئەوان دەرچێ.بۆیە جاری لە قوبرس و جارێکی دیکە لە سنوری سوریا و لوبنان وا ئەمجارەشیان لەسێ گۆشەی (هەکاری)دەیەویت کێشەیەک بخوڵقێنێ و میوانداری بە بنکە و بارەگایەکی دیکەی ئیسرائیل و ئەمەریکا بکات،دیارە دەوڵەتێک ئەوەندە نازدار سەرپشک کرابێ ،هەر کاری لەو جۆرەی لێ دەوەشێتەوە،کاتێکیش بەرنامەکان کاتی جێ بە جێ کردنیان هات دەیان ملیۆن کورد لە هەموو پارچەکانیدا دەکەرێن بە قوربانیان،تەنها ڕێگا چارەسەریش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکانی ١٩٥٨ەقڵ و بنەماکانی پێکەوە ژیان،ئەگینا نەک تورکیا کەس قازانج لەو گەمەیەدا ناکات.سەرای هەموو ئەوانەش بەهۆی پێش کەوتی دەوڵەتان زیادبوونی بوارەکانی لێک گەیشتنی گەلانی دنیا وەکو خەڵکی سڤیلی دەرەوەی دەسەاڵت،جۆرێک لە ڕای جیاواز لەناو خودی تورکیا دروست بووە بەرامبەر بە دەسەاڵتی عسکەرتاری و باڵە شۆڤێنیەکەی دەسەاڵت و پێیان وایە کە ئەمەریکا و ئیسرائیل مایەی سەئێشەن بۆ گەلانی دنیا و بە تانیبەتیش بۆ گەلی تورکیا و وای دەبینن کە بەەنەتە هەرەشەیەکی جدی لەسەر تورکیا و دووری دەخەنەوە لە کۆمەڵگای ئەروپی.بۆیە دەبێ کێشەی کورد لە وڵاتە لەسەر بنەمای ڕاستی و پێکەوە ژیان چارەسەر بکرێ و ئەمەریکاش حاکمێکی عادل بێ نەک وەک هەر جارێکی دیکە پشتی کورد بەردا و لای دەسەاڵت بگرێ.ئەگینا ڕەوشەکە وەک خۆی بەردەوام دەبێ.

نەوزاد حسین محەمەد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com